# خەون

*سێ شیعری : محەمەد ماغوت*

*وەرگێرانی : ڕزگار عومەر*

لەو ڕۆژەوەی
کە سەرماو دەرگا داخراوەکان دروست کراون
بە شوێن پەنایەك
بە شوێن ئافرەتێك لە ئامێزیم بکات
کوێرانە دەستەکانم درێژ دەکەم ..
بەڵام ، مامزی کوێر
چی لە خوڕەی ئاوی کانی بکا ؟
بولبول چی لەو ڕوناکیە بکا
کە بە ئاسنی زیندان دەکەوێ ؟
لە سەردەمی ئەتۆم و بیری ئەلیکترۆنی
لە زەمەنی روناکی کزو عەترو گۆرانی
باسی ڕەشماڵی ڕەوەندو
سەفەری بیابانم بۆ دەکرد
هەروەك چۆن منداڵ لە دەوری ئاگردان
گوێ لە حیکایەت دەگرن
ئاواش مەمکەکانی ئەو گوێ ی بۆ شل کردبووم ،
وەك قەشە کە خەون بە جووت بوون دەبینێ
وەك منالی بێ کەس
کە خەون بە هەبوونی شمشاڵێك دەبینێ
ئێمەش خەونمان بە بیابان دەبینی..
ئەو کاتە سەیری ئاسۆی دوورم کردو
پێم ووت :
لەوێ لەسەر لە شینەکان ڕائەکشێین
هەتا بەری بەیان بەبێ دەنگی دەخەوین
نەك لەبەر ئەوەی قسەمان کەمە
لەبەر ئەوەی پەپولەی ماندوو لە سەر لێومان دەخەون .
سبەینێ نازەنینەکەم
سبەینێ
لە گەڵ کەشتیوان و بایەوانی دەریا زوو بە ئاگادێین

وەکو خوێن لە کاتی تورەبوون
وەکو باڵندە لە گەڵ با بەرز دەبینەوە
دەم چۆن لە سەر دەم دەکەوێ
ئێمەش ئاوا بە سەر ڕوومەتی بیابان
بەردەبینەوە .
بە درێژایی ئەو شەوە
دەستمان لەسەر جانتاو لە باوەشی یەکتر خەوتین ،
کە بەری بەیانیدا
وازمان لەو سەفەرە هێنا
ئاخر بیابان
لە دڵی هەردووکمان بوو !!

&&& &&& &&&

# زستان

وەکو گورگ لە سەردەمانی قات و قڕیدا
لە هەموو شوێنێ شین دەبووین ،
ئێمە پایزمان دەپەرست وبارانمان خۆشدەویست
تا ڕۆژێ خەیاڵ هەڵیگرتین
نامەیەکی شوکرانە بۆ خودا بنوسین و
لە جیاتی پوول
گەڵای هەڵوەریوی پایزی لێبدەین ،
ئێمە لەو بڕوایە بووین
کەزیی چیا لە سەر ڕوومەتی ئەم سەر زەمینە لە نێو دەچێ
شارستانیەت
لە سەرەوە تا پێ ی دەڕووخێ
بەڵام ، تەنیاو تەنیا خۆشەویستی دەمێنێ ..
لە ناکاو:
جیا بووینەوە
من بەلەمی گەورەم خۆشدەوێ
ئەو فەرشی درێژو ماڵی گولگولێنی خۆشدەوێ ،
من سەماو ڕاکردن و هاواری سەر جادەکانم دەوێ

ئەو چرپەو ئاخ و ئۆف
پەنای چایخانەکانی خۆش دەوێ
سەرەڕای ئەوەش
هێشتا دەستەکانم بە پانایی باوەشی دونیا
چاوەڕێ ی ئەو دەکا !!

&&&  &&&  &&&

# گەمارۆ

ئەوەندە سەیری ئاسمانم کردو گریام
فرمێسکم ڕەنگی شین بوو .
ئەوەندە خەونم بە گوڵە گەنمی ئاڵتونی بینی
فرمێسکەکانم هەر هەمووی زەرد بوون ،
گریام .
با ڕابەران بچنەوە بۆ شەڕەکان ،
با ئاشقان بچنەوە بۆ دارستانەکان ،
با زاناو بلیمەتەکانیش بگەڕێنەوە بۆ تاقیگەکان ،
بەڵام من
وێڵی دوای کورسی و تەزبێحێکی کۆن ئەبم
تا وەکو ئەوسای خۆمم لێ دێتەوە :
دەبمەوە بە مجێورێکی دێرینی بەر دەرگای دڵتەنگی
چونکە تا ئێستا هەرچی کتێب و یاساو دینە
دڵنیام دەکەنەوە
کەمن یان بە برسیەتی یان بە کۆیلەتی دەمرم !!

★